# پیشوازی خۆر

## ـ ١ ـ

هه موو ڕۆژێ
له گه ڵ گزنگی به ره به یاندا له په نجه ره ی ئاسۆی
مندا کۆتری سپی ناسکی په یامنێـری هه ست و هزرو بیری من له
شه ققه ی باڵی ده دا هه ڵده فڕی، چه ند جارێک هه وای پاکی
هه ڵده مژی و باڵه فڕی ده کرد له سه ر کۆشکی ئۆردوگاکه و له
هیواو ئاواتی منی ده دا چه ندجارێک به ده نووکه بێ هێزه که ی
هه شیاری ئاوێنه ی تابلۆی یادگاری منی ده کرده وه و په یامی ده دا
هه ڵسه دره نگه ڕۆژگاری سه خت و پڕ ئومێدت به ڕێ که
وا پێنووسی پڕ له گرافیت چاوه ڕێی یه که یه که هه نگاوه کانی
به ر پێته به ره و لای پارکی خنجییلانه ی ئه م ئوردوگا شووم و
نه گریسه بڕۆی زیاتر ڕۆژگاری نوێی شادومانی به نووسینی
وون په یام تۆمار بکرێ بخرێته دیرۆی نووسینی سۆزانیه ت و
گڵپه ی گڕی دۆزه خی ئه وین تا پاش  گه ڕان و هامشۆی
شۆسته قڵێشاوه کان و داره ڕووت و که چه له کان ، دانیشتنی
ســـه ر ته خته شه ق و شڕه کان

جار جاره ڕاكـــــردن به دوای  یاری باسكه و پازانێ و پاساوكردنی ئه م ده ورو پشته ـ كاتیش به رده وام به ره و هه وراز ده ڕوات تا خۆر له چه قی ئاسمان دیاری ده دا سروشت ئارام ده بوو په لكه زێڕینه كان نه رم ده خه ملین و پێخوستی گه ڕه لاوژه ی مندالآن كه م ده بووه وه و كپ و بێ ده نگ ده بوو ، له و چه ند ساته دا خامۆشی باڵی ده كێشا به سه ر ئاوو هه وای ئۆردووه كه ـ په پووله كان ئازاد ده بوون بۆ سه رچڵ و دره خته كان باڵیان ده گرت و هه ڵبه زو دابه ز ده نیشتنه وه جه سته ی خاوو كزو مه لوولیش ته نها ترپه ی دڵ هه میاری بووتا چركه ی كاتژمێره كه شنه بای ده نگی سازو كه مانی به بنا گوێما چرپـــاند و هۆشی هێنامه وه سه ر دۆخی جارانی خۆی، لێی پرسیم  ڕاكه  به ره و بنه گای ئومێدو ڕێگای پڕ هیواو مه به ست گورج قاچه له رزیوه كانم هه نگاوی ڕاداشت ڕووه و ڕێچكه ته پیوو پڕقولْگه ی گۆماوی بچووك و هاواری به رزی و نزمی گردۆڵكه ی ژێر پێی هاتوو چۆكه ران

ـ ٣ ـ

له چیوه ی كۆشكا پانایی ڕێگه ی ڕاست

به وه رچه رخانێك ، سه خت و ئاسته می كوچه كه ده رباز ده كات سه ره و لێژ یه كسه ر بۆ كۆشكی مه زنی تاریك و ڕوون ته لاری ڕه ش وسپی ، پرسگای لووتكه ی ئامانج و هیوای گه ش یان نا ئومێدی ڕه شماڵی هه وری ڕه ش و بارانی ته وژمی هێرشی به تاوی ڕه ش

بینه کان ـ هه نگاوه کان ڕایان ده کرد له نێوانیان دا قاچ وقڵی سست و خاویش بۆشاییه کی داگیر ده کرد له و ساته ناسکه دا سه رم هه ڵبڕی بۆن و به رامه ی ئه م به رو ئه و به ری باریکه ڕێگاکه و لاسکه گیا ئاوونگیه کان کونه لووتمی پڕ ده کرد ـ له پڕ خۆر دابه زی و تروسکه و تین و مه شخه ڵی ڕووناکی گڑوگیای سیست کرد، دونیاو سروشت له پێشوازی خۆرا کڕنووشی بردو سوور هه ڵگه ڕا گووڵه سپی یه کان خۆیان پێچاوه و ڕووی گه ش و پێکه نینیان وون کرد

به پێچه وانه گووڵه به ڕۆژه ئاسا سنگم واڵا کرده وه به ئاراسته ی تیشکه تیژه سووتێنه رو جه رگ بڕه کان تا نزیکی بوومه وه و

ـ ٤ ـ

به ناخی ده روونی سووتاوی دا شۆڕبوومه وه و په یامی ئه وینی پاکی خۆمم بۆ شی کرده وه و ووشه ی خۆشه ویستیم پێ ڕاگه یاند

به ئاراسته ی یه ک نیگای ڕاکێشی نێو مێرگی چاوی کردم

هاوارم لێ هه ڵساو په له قاژه ی خنکانم بوو

به شه پۆڵێکی ته لیسماوی ده وری دام وبه بۆرانێکی ترسناک وه ڵامی دامه وه ، بێ هووده یه هه وڵی ده رچوونت له ناخی کووره ی دڵما هه ر بسووتێ ، یان به فرمێسکی چاوت گڕه کان خامۆش که ره و خۆت ڕزگا رکه یانیش له دیوه خانی خۆڵه مێش و ژیله مۆ تا دوا هه ناسه ی مه رگت کپ و بێ ده نگ

بنوو - - - - - - بنوو

١٩٩٨/١٢/١١  له گاردیلیگن

له نووسینی  نزار مامه شه قڵاوه یی